# چەند سەرنجێك بۆ بەرێز مەلا بەختیار

چەند تێبینێکم هەیە ئەمەوێت بیخەمە بەردەم بەریزتان ،بەلاْم هیوادارم بەرۆحیکی ڕیازیەوە قبولْ بفەرموویت ،وە لەو کردارە دۆنکیشۆتیانە بە ئاگابێیتەوەو لە هەموو کاسەێکا نەبیت بە کەوچك ، خوا شاهیدە من هیچ شتێکی شەخسیم لەگەلْ جەنابتا نیە.

جارێکیان لەسوقراتیان پرسی تۆ چیئەزانیت ,ئەویش لەوەلاْمداوتی من تەنها یەك شت ئەزانم بە سەر سوڕمانەوە وتیان ئەوشتە چی یە؟ ووتی ئەویە کەمن{هیچ نازانم}....وتیان ئەیباشە جیاوازی نێوان تۆو خەلْکی} ئەسینا} چیە؟... ووتی یەك شتە وتیان ئەو شتە چیە ووتیئەوەیەکە(من ئەزانم کە هیچ نازانم ،بەلاْم ئەوان نازانن کەهیچ نازانن) .

ئەگەر ئاگادار بیت سڕی پێشکەوتنی ولاْتە ئەورووپیەکان ئەوەیە کە هیچ کەس خۆی هەلْناقورتینێتە ئیش و کاری یەکیکی تر ئەو بوارەی کەخۆیتیایدا پسپۆڕە تەنها لەسەرئەوشتە یان ئەو بوارە کاردەکات. زۆرجاریش مرۆڤی گەندەلْیش بەهۆی هەندی ڕیکەوتی مێژووییەوە ئەگاتە لوتکەو بەلاْم سەرەواویك لەمیشکیدا نیە بۆ نمونە ناپلیۆن یەکیکە لەوانە کەلای خەلکیك کە نەشارەزای مێژوون نازانن ئەمە چۆن گەیشتە ئەو پلەو پایەیە بەلاْم ئەم شتانە لەمیژوو ناشاردریتەوە، بەکورتی ناپلیۆن بێوە ژنێکی مارەکرد کە پێشتڕژنی ئەندامیکی گەورەی جمعیەی وەتەنی ئەو کاتەی فەرەنسابوو وە کوژرا بوو...ئەم ژنە بەهۆی مێردەکەی پێشویەوە هەمو پیاوە دەسەلاْتدارەکانی ئەنلسی ئینجا میژوو باسی ئەوە ئەکا کەچۆن ناپلیۆنی بردوە تعاروفی پیْبکا لەگەلْ ئەو پیاوانەدا....ئینجا باسی ئەوە ئەکات کەچۆن ژنە پێشتر چوەتە لایئەوانەو2-1 سەعات ناپلیۆن لەدەرەوە چاوەڕوانی کردوە.......پاش ئەوەی کەناسیان هێنایان کردیان بەلێپرسراوی حملیەکانی ئە جمعیەیە... وردە وردە ناپلیۆن سەرکەوت تا بو بەو ناپلیۆنە.....بەلاْم پێشتر باجی خۆیدا.

لە هەمووی جیهاندا هەزارەها بواری زانیاری هەیە کە مرۆڤ ناتوانیت بگاتە ئەندازەی دلْۆپێك لەدەریایێك ئەو کەسەشی کە زۆری لێتیْگەیشت ئینجا ئەگاتە ئەوقەناعەتەی کە هیچ نازانیت. بەلاْم لێرەدا ئەوەی کەمن ئەمەویت عەرزتان بکەم ئەوەیە جەنابتان بەبیْ ترسو بەبیْئەوەی میشێك میوانت بێت دەم ئەژەنیتە هەموو بوارەکانی زانستو ئەدەب و سیاسەت و ئابوری.... تاد خۆشت بەتاکە شۆڕەسوارئەزانی کاتیْئەم شتانەش باس ئەکەی زۆردلت بە خۆت خۆشەو بەشیوەیەك قسە ئەکەیت مەگەر هەرخۆت لەخۆت بگەی، ئاخرتۆلەبەرقوربەسەریکی نیمچە نەخوێدەوار وشەی بیرۆکراتی ،دیماگۆگی تەکنۆلۆژی ،تەکنۆقراتی ،جیۆلۆجی.....تاد ،بەکاردەهێنیت خۆت لەقاموسا دەرتهێناوەو لەبەرت کردوە بۆ ئەوەیپیت بلێن ڕۆشنبیرەو قسەزانەو سیاسیە خەلك ئەوەندە بەگێل مەزانە ئەم 12-13 سالەْزانکۆیێك بوو بۆمییللەتیکورد بەو مەزەلەیەی کە دروستان کرد لە کوردستاندا خەلْکی واهوشیر بوەتەوە چۆن لەزەمانی ڕژێمی گۆرکراوی سەدامدا کە دەر ئەکەوت یان ت .ڤ کەیان ئەکوژاندەوە یان بەتف سواغیان ئەدا دلْنیابە زۆرینەی خەلك ئێستە وا سەیری ئیوە ئەکات...بیجگە لەوانەی کەپارەو نانیان لو ئێوەوە دەست ئەکەویْ خەلْك هەمو

رابوردووبەکتان ئەزانیت ئەگەر ئەمەریکا فریای ئەم خەلکە نەکەوتایە زۆربەی خەلك ناموسوشەرەفی دانا بۆگومرگی ئیوە بۆزەریبەی ئێوە هەرچی خیرو خیراتی کوردستان هەیە هەمووتان ئەنفال کردلە 17./. داهاتی نەوتی عێرق لووش ئەدەن هیشتا فلسیکی زەریبە سەرشانی خەلکتان سوك نەکردوەجاران ئەیانووت کیلۆی ئێسقان بۆماموستا بە 5دینار،ماموستایەك نزیکەی300-150 دیناری وەرئەگرت بەلأمچەکداریك کە شەری براکوژیتان پی ئەکرد 1000-1500 دیناری وەرئەگرت ئەمە چۆن ئەخەنە دووتویی میژووەوە. پاش ئەم هەموو چەرمەسەریە خۆشتان فشئەکەنەوە کە خەباتتان کردوە، بە تەمای میللەتی کوردن تقدیستان بکات وەك هۆشیمنەی ڤێتنامیە کان.

توخوا پێم نالێی جەنابتان بڕوا نامەی کوێتان هەیە ئەوەی من بیزانم هەتا سێی ناوەندیت خوێندوەو پاش قوتابخانە جگەرت فرۆشتوە لەبەر سینەماکەی خانەقینا.

تۆش وەکو کاك نەوشیروان مستەفا ئاغرووو سەنگین بەو خۆت بناسە بەس سەروو دلی شاشەو تەلەفونو... ئاخر پیاو چۆن کفر نەکات تۆ سێت تەواو نەکردوە دائەنیشیت محازرە بە ماموستای جامیعە ئەلێیتەوە ئەمە لەفوتوی چ عەتاریکدا هەیە.

بەڕێزم هیوا دارم بەم چکە نوسینە تۆزیك خۆت بناسیتو سەروودلی خەلكٚ بەربدەی ،لە منیش زویرنەبیت....

**عومەربەردەبەلی/نەرویج**

omerberdebely@hotmail.com